# هەستێکی شکاو

**شیعر**

**د. ڕزگار عومەر فەتاح**

**٢٠٢٤**

ناوی کتێب: هەستێکی شکاو
نوسین و ئامادەکردن: د. ڕزگار عومەر فەتاح
بابەت: شیعر
تایپ: ڕاڤین شێخانی
دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆک: شیاو سەرتیپ تاهیر
چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٤ – چاپخانەی چوارچرا - سلێمانی
تیراژ: ١٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتی یەکان ، هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٨٥٣) ساڵی (٢٠٢٤) پێدراوە

# پێرست

پێشەکی: ............................................ ٩
(بۆ تۆ) ............................................ ١١
(دواندنی بێدەنگی) ............................................ ١٤
(فەلسەفەی ژیان) ............................................ ١٧
(پایزە شیعر) ............................................ ٢١
(کۆرۆنا) ............................................ ٢٤
(زەنگ) ............................................ ٢٦
(سۆزی دایک و باوک) ............................................ ٢٧
(ئاسودەیی) ............................................ ٢٨
(بیرت دەکەم) ............................................ ٢٩
(کۆچ) ............................................ ٣١
(بێ بەهایی) ............................................ ٣٤
(خەم) ............................................ ٣٥
(خەتا) ............................................ ٣٦
(پرسیار) ............................................ ٣٧
(پێچەوانە) ............................................ ٣٨
(ئەشقی درۆ) ............................................ ٣٩

(تێگەیشتن)........................................ ٤٠
(حکومیزاتی) ........................................ ٤٣
(وەفا) ........................................ ٤٤
(ئاوەژو) ........................................ ٤٦
دایکم ........................................ ٤٧
(فرمێسکە وشە)........................................ ٤٩
(پایز)........................................ ٥٠
(عەتر) ........................................ ٥٣
(بەبێ عەشق)........................................ ٥٦
(ژانی شیعر)........................................ ٥٧
(چاوت) ........................................ ٥٩
(تۆ)........................................ ٦١
(خو)........................................ ٦٢
(ڕۆمانی عەشق)........................................ ٦٣
(حەسرەت)........................................ ٦٥
بۆچی؟........................................ ٦٦
(چۆن جوان نەبم)........................................ ٦٧
(باوەشی گەرم)........................................ ٦٨

(ترس)........................................................ ٦٩
(یاد)........................................................ ٧٠
(چۆن بتوانم)........................................................ ٧٣
(بەڵێن)........................................................ ٧٤
(ڕوناکی دڵ) ........................................................ ٧٥
(شکانی دڵ) ........................................................ ٧٧
(پەیام) ........................................................ ٧٨
(عەشقی نەمر)........................................................ ٧٩
(بەیانیت باش) ........................................................ ٨٣
(مێژوی عەشق) ........................................................ ٨٤
(ئەمشەو)........................................................ ٨٥
(هەتوان) ........................................................ ٨٧
(خەرمانی خۆشەویستی)........................................................ ٨٨
(سۆنامی)........................................................ ٩٠
(ڤالانتاین)........................................................ ٩١
(مردن) ........................................................ ٩٢
(گەردەلول)........................................................ ٩٤
(ڕەشەبای مەرگ) ........................................................ ٩٥

(سەردەمی هیچ و پوچی!!!؟؟)........................ ٩٦
(مرۆڤبون) .................................. ١٠٢
(ونبون) .................................... ١٠٤
(وەفاداری خەم)............................... ١٠٥
(من بێ تۆ).................................. ١٠٦
(سۆزی دایك)................................. ١٠٧
(جوانی تۆ) .................................. ١٠٨
(عەشقی زاڵم)................................ ١١٠
(ئینفرادی) .................................. ١١٢
(عەشقی ڕۆحی)................................ ١١٣
(ئارامبەخش)................................. ١١٤
(خۆزگە) .................................... ١١٦
(هەمیشە خۆشم دەوێی)......................... ١١٩
(دڵی بێ ئاگا)................................ ١٢٢
(لەگەڵ تۆدا) ................................ ١٢٣
(یەك تاكی).................................. ١٢٤
(تەمەن)..................................... ١٢٥
(خوازیار).................................... ١٢٦

(زو دەمزانی ) ............................................ ١٥٢
(ڕوانگە) .............................................................. ١٥٤
(چرە خەون)............................................................ ١٥٦
(.....)...................................................................... ١٥٧
(لەپاش مەرگم) ...................................................... ١٥٩
(شەقامەکانی تەنیایی) ............................................. ١٦٠
(هیوا)...................................................................... ١٦٢
(ئارامگا).................................................................. ١٦٣
(ماڵئاوایی)............................................................... ١٦٥
(بڕوا) ..................................................................... ١٦٩
(مەلی خەیاڵ) ........................................................ ١٧٠
(مەستم بەچاوت) .................................................... ١٧١
(دوری)..................................................................... ١٧٢
(یادگاری) .............................................................. ١٧٣
(بڕوا و دوری).......................................................... ١٧٤
(پەرچەم) ................................................................ ١٧٦
(هەستی جوانی)....................................................... ١٧٧
(هیوای دڵ) ............................................................. ١٧٩

(گوڵی ئومێد) .................................................. ١٨١
(قەیرانی مرۆڤایەتی)........................................... ١٨٢
(أنا ويأس).......................................................... ١٨٧
(قەڵەم) ........................................................... ١٨٩
شاعیر و نوسەر لە چەند دێڕێکدا: ........................ ١٩٠
بەرهەمە چاپکراوەکانی:......................................... ١٩١

## پێشەکی:

ئەم کۆمەڵە شیعرە کە بەناویشانی (هەستێکی شکاو)ە سێ نامیلکە شیعری بچوکی لە خۆ گرتوە، لە سێ قۆناغی جیاوازیشدا لە دایك بون، کە هەر قۆناغێکی شیعریش لەم دەقە شیعرانە خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی و لەوانی دیکە جیاوازە، بێگومان ئەمەش بۆ ئاستی فیکری و ئەزمون و توانا و لێهاتویی و زەوق و سەلیقەی ئێمە بەپێی قۆناغەکان دەگەڕیتەوە.

وەك ئاشکرایە ئەم دەقە شیعرانەی دەچنە سیاقی قۆناغی یەکەمی شیعرەکانمەوە لە ژێر ناونیشانی (کۆلانەکانی منداڵی)دایە،بەلای منەوە وەکو ژیانی منداڵیم جوان و ناسك و پاك و بێگەردە، پڕە لە گەشبینی و یادەوەرەی و خەونی شیرین، لە ڕوی فۆرم و ناوەرۆك و مەبەستەکانی شیعرییەوە زیاتر سادە و ساکاری پێوە دیارە، چونکە تەواوی ئەم دەقانە گوزارشتە لە سەردەم و بارودۆخ و تێڕوانینەکانی تەمەنی هەرزەکای و ئەو خەون و ئەندێشانەی لەم کاتەدا بیر و هزر و ئاوەز و جیهانبینیمی تەنی بو. بەڵام دواتر لە کۆمەڵە شیعرەکانی دیکەدا کە ناونیشانەکانی (زامی ئەشق) و (هەستێکی شکاویان)یان هەڵگرتوە و لە قۆناغەکانی تردا توانیومە ئەم ڕێچکەیە

بشكێنم و ڕوئیا و ئاسۆی شیعرم پەیتا پەیتا لەگەڵ بەرەو پێش چونی تەمەن و فراوان بونی ئەزمون و باكگڕاوندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ئاڵۆزبونی چەمك و شێوەی ژیان و ڕوداو گۆڕانكارییەكان بەرینتر و بەهێزتر و كاریگەرتر و سەرنج ڕاكێشتر بكەم.

شاعیری هەست ناسك و جوانی( هێمن موكریانی) شاعیر دەڵێ: ئەگەر شیعر هیچی بۆ من نەكردبێت، بەڵام ئەو سودەی بۆمن هەبو، كە ناوەكەمی لەو ناوە دور و درێژەی (سەید محەمەد ئەمین) ەوە كورتكردەوە بۆ (هێمن)، منیش دەڵێم ئەگەر شیعر هیچی بۆ من نەبوبێت، بەڵام دەروازەیەك بوە بۆ ئەوەی لەوێوە بەشێك لە ئێش و ئازار و كەف و كوڵم هەڵبڕێژم، ئەمە لەلایەك، لە لایەكی دیكشەوە هۆكارێك بو بۆ ئەوەی بەو ئامانجە پیرۆزەم بگەم و هەوڵی بڵاوكردنەوەی ئەم كۆمەڵە شیعرە كە پارچەیەكە لەجگەرم، نۆبەرەی بەرهەمە شیعرییەكانمە بدەم ، تا لەم ڕێگەیەوە بتوانم تاڕادەیەك ئەزمون و چێژ و خۆشی بە هەوادارانی شیعر و ئەدەبیاتی هاوچەرخ و نوێ ببەخشم. بەو هیوایەم جێگای ڕەزامەندی خوێنەرانی ئازیز بێت.

د. ڕزگار عومەر فەتاح

كۆیە ، ١٥-٧-٢٠٢٤

## (بێ تۆ)

بێ تۆ

ڕەشەبایەکی بێ جوڵەو

خۆرێکی بێ ڕوناکی و

دەریایەکی بێ ئاو و

بڵێسەیەکی ساردو

کرێوەیەکی گەرم و

زەمەنێکی بێ کات و

شوێنێکی بێ جێگام.

بێ تۆ

چاوێکی نابیناو

گوێچەکەیەکی کەڕو

لوتێکی گیراو و

دەمێکی داخراو و

هەستێکی شکاو و

گیانێکی بێ هیوام.

بێ تۆ

شیعرێکی بێ واتاو

ئاوازێکی ناخۆش و

خەندەیەکی گرینۆك و

ساغێکی شکست و

هەنگوینێکی تاڵ و

زانایەکی نەزان و

پاڵەوانێکی دۆڕاوم

بێ تۆ

بەهارێکی پایزی و

ساماڵێکی تەماوی و

ئایندەیەکی بەسەرچو

تێرێکی برسی و

پادشایەکی کۆیلەو

ژمارەیەکی بێ بەهاو

ژیانێکی بێ بۆن و

بێ تام و بێ ڕەنگ و

مێژویەکی دڕاوم!!

# (دواندنی بێدەنگی)

ئەوجارەیان،

دەمەوێ،

دەستی تەنیایی بگرم،

لەگەڵ،

بێدەنگیدا بدوێم!

پیاسەیەك،

بە نێو شارە وێرانەکەی،

ڕۆحدا بکەم.

دیوی دووەمی ژیان بخوێنمەوە!!

جوانییە شاراوەکانی،

ژێر ماسکی ڕوخسارت بدۆزمەوە!!

ئەو جارەیان،

دەمەوێ،

بە دوای شتە مەحاڵەکاندا،

بگەڕێم.

کانی ئەوین،

لە بیاباندا، بژێنمەوە!!

ئەو جارەیان،

دەمەوێ.

لە هاویندا کڵوە بەفر و

لە زستاندا گەرمە تاو و

لە پایزدا چڵە نێرگز و

لە بەهاردا گەڵای ئاڵتونی درەخت،

بهێنمەوە!!

ئەوجارەیان،

دەمەوێ،

کەمێك لە ئاسمان ڕاکشێم،

لالچکۆکەیەکی زەوی،

بەخۆم دادەم!!

بە ئاسپایی،

چاوەکانم کلیل بدەم و

سەرە خەوێك بشکێنم!

بفڕم بۆ لای ئەو خەونانەی،

لە مێژ ساڵە ، هەر بەلاوی،

لە ناخمدا،

لە خاچ دراون!!

کۆیە ٢٩-١- ٢٠٢٢

## (فەلسەفەی ژیان)

ژیان

پیر و کەنەفت بوە،

بەشێوەیەک

چاوەکانی مات و کز و

گوێچکەکانی کەڕ و گران و

لوت و زمان و چەشتن و

گشت هەستەوەرەکانی دیکەی

سیس و سڕ و بێ کەڵک بوە!

ناتونێ ببینێ،

ناتوانێ ببیستێ،

ناتوانێ بچێژێ،

ناتوانێ بجوڵێ!!!

ژیان

لە جێدا کەوتوە،

سیما و ڕوخساری شێواوە،

پیس و بۆگەن و چڵکن بوە،

ناتوانێ

خۆی بشوا،

ناتوانێ

خۆی جوانکا،

ناتوانێ

بەپێوە بوەستێ،

ناتوانێ

گۆرانی بڵێ،

ناتوانێ

سەما بکا،

ناتوانێ

هەنگاو بۆ ئاینده بنێ!!!

ژیان

توشی

شێر پەنجە،

خوێنبەربون،

شیزوفرینیا،

زەهایمەر

جەڵدەی دەماغ و مێشک بوە،

ژیان

ڕۆح دەدات ،

خەریکە چاوی لێک دەنێ،

دەیەوێ بۆ هەتا هەتایە،

ماڵئاوایی بکا!!!

تاکە ئومێدێکی ماوە،

ئەویش چاوڕێی تۆ دەکا،

بەهەستێکی خۆشەویستی،

بە ماچێکی ژیانەوە،

دڵی بخەیتەوە لێدان.

دەنا ئەستەمە زۆررر ئەستەم،

جارێکی تر ڕۆژێکی تر،

ڕەنگی ژیان،

تامی ژیان،

بۆنی ژیان،

بەهیچ شتێ،

وەکو جاران،

جوان و خاوێن،

خۆش و بەچێژ،

ڕاست و دروست ببێتەوە،

مەگەر بمرێ و

ژیانێکی تر

سەر لە نوێ  لە دایک بێتەوە!!!

١-٧- ٢٠٢٣

# (پایزە شیعر)

ڕەنگە ئەم پایزە شیعرەم،

چرکاندنی دواین وێنەی،

کۆتا زەردە خەنەی پایز،

کۆتا چرپە و شەرمەنیگای،

گەڵا وەریوەکانی عەشق بێ،

کەدوای گەردەلول و زریان،

بەجێماون!!!

یاخود دەشێ،

تەمتومانی،

هەناسەیەکی،

پڕ ئاخ بێ،

لە قوڵایی ناخی،

ئەو درەختانەوە،

هەستابێ.

کەحەسرەتیان،

بۆ مردنی گەڵاکانیان،

هەڵکێشاون!!!

لەوانەشە،

گێڕانەوەی بەسەرهاتی،

ئەو باڵندە کۆچەرییانە بێ،

بەداماوی،

بەسەر ترۆپکی،

دارە ڕوتاوەکانی پایزەوە،

هەڵکوڕماون!!!

یان کێ نالێ،

دەنگی شکانی،

هەست و نەستی،

کزەبایەکی ئێواران و

گڤە گڤی،

ئەو ڕەشەبا تەزیوانە نییە،

دەستی تەنیاییان گرتووەو

لە ناو سەرماو تۆفان،

ماون!!!

یان کێ ناڵێ،

هەڵدانەوەی،

یادەوەرییە تاڵەکانی،

شەقامە چۆڵەکانی دڵ نییە،

کە بەگەڵا خەنەییەکانی پایز،

داپۆشراون!!!

یا کێ ناڵێ ،

سەرگوزشتەی،

ئەو خۆزگەو ئاواتانە نییە،

چەندین ساڵە،

بەبێدەنگی،

لەناخمدا لە گۆڕ نراون!!!!

# (کۆرۆنا)

ژیان

بە شەمشەکوێرەکانی تاریکی

هاوس بوە......

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ

دزو درۆزن و

خائینی گە ورەتر لە دایک دەبێ !!

***

مرۆڤبون

تەژی بوە لە ڤایرۆس

بە ماچی ژیانەوە دەمرین؟!

زۆرر لە مێژە

کاتژمێری،

خۆشە ویستی و

عە شق و ئە وینمان وەستاوە،

سیسارک و داڵاش و

قەلەڕەش و کونەپەپو،

چارەنوسمان دیاری دەکەن؟!!

مێشکمان وشک و

چاومان کوێر و

گوێمان کەڕ و

دڵمان ڕەق و

ناخمان پیس و

دستمان توند و

چۆکمان شل و

ڕومان ڕەش و چڵکن بوە .

زۆرر پێویستمان

بە کۆڕۆنایەکی

قڕکەرە؟!!!

کۆیە ٢_ ٥_٢٠٢٠

# (زەنگ)

نیشتمان

پڕە لە ئارامی و تەبایی

نەک بەهۆی دەسەڵاتی دز و نەزانەوە ‼

بە ڵکو بەهۆی ...

بێدەنگی و بەنج بونی میللەتەوە ‼

***

چەتەکان هەمیشە

باغەڵی ئەوانە دەبڕن،

کە نوستو بێ ئاگان‼‼

نەوەکو ئەوانەی،

هۆشیار و وریان ‼‼

کۆیە - ٢٣- ٥ - ٢٠٢٠

# (سۆزی دایک و باوک)

بۆنی بەهەشتی

لێ دێ

هەناسەی دایک!!

هێز و وچانت،

پێ دەبەخشێ،

دەستە ماندوەکانی باوک!!!

ئەگەر پادشای،

گشت جیهان بێ،

هەتیو و بێ نازە مرۆڤ،

لەم چەپلەری ڕۆژگارەدا،

بێ سێبەری

دایک و باوک؟!

کۆیە ٢٠٢٠ -٥ -٩

# (ئاسودەیی)

ئاسودەیی،

لەناو گیرفانە،

دڕاوەکانی منداڵیما،

ڕژا.

لە ناو لەپی،

دەستە پیرۆزەکانی دایکما،

جێما!!

لە گەڵ خەونە سەوز و

بەمراز نەگیشتوەکانی باوکما

نەما!!

لە ژوانی ئەشقە بێ نازەکەی تۆدا

ڕما!!

## (بیرت دەکەم)

بیرت دەکەم

تا ئەوپەڕی، بەبێ سنور

بیرت دەکەم،

دەستم بگرە،

وەرە

با لەسەر جەستەی خەمەکانمانا

ڕابکەین.

وەرە و

با ببینە کلۆیەك شەکر،

بۆ قاوەی تاڵی ژیانمان.

وەرە و

با بۆ هەتاهەتایە،

ماڵئاوایی ،

لە ڕۆژە ناخۆشەکان بکەین،

باوەش بە ژیاندا بکەین،

با چیدیکە،

ماسکی ترس و بێ ئومێدی

خەندەمان نەشارێتەوە.

وا پاییزی تەمەن داهات،

گوڵی ژینمان

هێندەی بەبەرا نەماوە

هەڵوەرێت و لەبەرچاوا

بسڕێتەوە!!!

# (کۆچ)

کەڕۆیشتی،

لە پاشە تۆ،

پاییزێك بە سەرما داهات،

لە جێی گەڵا،

هەر تەمەن بو،

زەرد هەڵدەگەڕا و دەوەری،

هەر خەم و هەناسەی سارد بو،

دەبوە زریان، ئاوازی مەرگییان دەچڕی!!

هەر فرمێسکی

چاوانی پڕ لە حەسرەت بو،

بەرەو لای تۆ هەڵدەفڕی!!

خەمی ماڵئاوایی تۆ بو،

بە بێ دەنگی جەرگ و

هەناومی بڕی!!!

کە رۆیشتی

پایز هات و

گەڵای بەختەوەریم وەری.

کە ڕۆیشتی

وەرزی جوانیم کۆتایی هات،

بومە هاودەمی

تەنیایی و

خەم و فرمێسك و دەردەسەری!!!

کە ڕۆیشتی

هێلانەی ئومیدم ڕوخا،

مەلی شادیم،

دای لە شەقەی باڵ و

فڕی.

# (بێ بەهایی)

زۆر

پیس و ناشیرین و

بچوك بۆتەوە نیشتمان،

کردویانە بە خانەی کەر،

بە مەیدانی سەگ،

بە قومارخانە،

بە یانەی شەوان،

بە فرۆشگای هەڕاجکردنی خاك،

بە پەناگای دزو چەتەو مافیا،

هەناسەم تەنگ و سوار بوە،

خەریکە تێیدا دەخنکێم.

کۆیە ١٩-٦-٢٠٢١

# (خەم)

خەم لەگەڵ من لە دایك بو،

لە باوەشی منا

شادی

مرد!!!

پێش بونی من،

كێ دەیزانی،

پایز چۆنە؟!!

كێ گەڵای زەردی دەناسی؟!!

پێش بونی من،

كوا زستان وا سارد و سڕ بو؟!!

كوا دەستی خەم

بەسەر عەشقا باڵا دەست بو؟!!

## (خەتا)

هەمو شتێك،

خەتای من بێت،

عەشق بونی من،

خەتای ،

چاوە ئەفسوناوییەكانی تۆ بو!!!!

# (پرسیار)

هەناسەکەم

بۆ پێم ناڵێی

دڵت بۆ وا

بوە بەبەرد ؟!!

عەشقت بوە،

بە گەڵای هەڵوەریوی زەرد؟

جگە لە تەم،

چ جوانییەکم، لە بەهاری عەشقت دیوە؟!!!!

جگە لە خەم،

چی دیکەت بە من بەخشیوە؟!!!!

# (پێچەوانە)

من هەر هەمو،

خۆشییەکانی  خۆم،

بەتۆدا.

تۆش هەر هەمو،

بەدبەختییەکانی خۆت

بەمن!!!

# (ئەشقی درۆ)

لاواز نیم،

بەڵام  ئەم ئەشقە درۆیە،

نرخی شمشێر وەشاندنی نییە!

گوڵی دەستکرد،

چەند ئاو بدرێ و خزمەت بکرێ،

هیچ چێژ و سودێکی نییە!

# (تێگەیشتن)

ئیتر کەمتر دەگریێم

نازانم گەورە بومە

یاخود دڵم بۆتە بەرد؟!!!

***

ئەگەر دەزانی

نامینێتەوە

تەنهایی کەس مەشێوێنە؟؟!!

ئەگەر داستانی عەشقت نەخویندۆتەوە،

درەختی ئەوین مەچێنە؟؟!!!

***

خەمڕەوێنم،

پێویستە دوشت بزانی:

کاتێ لای منی،

قەدری خۆت،

ئەو ساتانەش،

لەگەڵما نیت،

سنوری خۆت!!!

بۆیە گوڵم

ئەگەر بڕۆی

وەها دەشکێی،

جگە لە من،

کەس ناتوانێ،

پارچەکانت کۆکاتەوە؟؟؟!

هیچ جوانییەك

جێگیر نابێ

لە چاوما،

تۆ کۆتایی جوانییەکانی،

لە نێو دڵما !!

***

کاتێ

پرسیاری هیواکانم دەکەی،

دڵنیابە نزیکیت،

لە خۆزگە یەکەمینەکانمە.

❊❊❊

هیچ خاڵی لاوازم نییە،

ئەوە نەبێ،

تاقە گوڵم،

ناتوانم لە یادت بکەم!!!

گەردەلولێکم،

نازانم،

بۆ کوێ دەڕۆم.

لە کوێ ئارام دەبێتەوە،

زریان و شەپۆلی دڵم!!!

# (حکومیزاتی)

گەورە ماسییەکی ڕیش سپی،

سەدانساڵ بو،

لە باوەشی

دایکی دەریادا،

دەژیا ...!!

کەچی ئەوەندە دەبەنگ بو،

لە بەر چۆڕاوگەی،

کوێرە کانیەکی شێڵودا،

وەك بێچوە سەگ دەنوزاوەو

بۆ حکومیزاتی

دەگریا !!!

هەولێر ١٨-٣-١٩٩٢

## (وەفا)

بڕواناكەم بیرت مابێ،

ئەوێ ڕۆژێ،

ئەستێرەكان دەست بەسەر بون،

مانگیش سەفەری كردبو،

ڕۆژیش ڕێگای لێگیرابو،

ئاو لە توێنیەتیا خنكابو،

چاوی زەوی تۆز و خۆری تێكەوتبو،

تەنها خۆت و

بیابانێكی تاریك و چۆڵ بەجێمابوی!!!

تارمایی مەرگ و تەنیایی،

باڵی بەسەرتا كێشابو،

جگە لەمن هیچ كەسی تر،

ئاوڕی لێت نەدایەوە،

دەستی لەرزیوی نەگرتی ؟!!

بەڵام ئێستا،

ئەوە منم ،چاوەڕێتم،

لە ئێوارەی کز و ماتی،

زەردە پایزی تەمەنما،

لەکەناری ماڵئاویی یەکجاریا،

بەیەك نیگا،

دڵم بخەیتەوە لێدان !!!!

# (ئاوەژو)

ژیان هیچە،

نیشتمان هیچە،

ویژدان هیچە،

عەشق هیچە،

هیوا هیچە،

مرۆڤ بون هیچە،

جگە لەوانەی،

خاوەنی،

ناسنامەی قەحبە و دۆلارن،

گشت شتێ ه ی چ ه

لەم زەمەنە بێ ڕوحمەدا!!!

کۆیە ١٧- ١- ٢٠١٤

له یادی چوارەمین ساڵ ڕۆژی کۆچی دوایی دایکی خۆشەویستم(٢٠١٣/١٢/٤)

## دایکم ...

ئه ی هەناسەو ترپەی دڵم،

ئه ی دریژترین چیرۆکی خۆشەویستیم،

ئەی غەمناکترین سرودی تەنهایم ...؟!!!

لەئاسمانی خەیاڵی تۆ،

هەزاران شیعر باڵ دەگرن ..!!

ئه ی دایه گیان ...له دوریتا...

شەو نییه... له خەو ڕانەچڵەکێم...؟!!

ڕۆژیش نییه ... هەزار خەندە

له سەر لێوانمدا نەمرن ؟!!

ئەی دایه گیان ...

ده ئەو جارەشیان هەستەوە ...

با توند دەستە ماندوەکانت ...

چاوە پڕ چاوەڕوانییەکانت ...

دڵە پڕ لە حەسرەتەکەت ...

هەستە پر لەمیهرەبانی و

بەخشندەیەکانت ماچ کەم...؟!!!

ئە ی دایە گیان ... بیرت دەکەم ...

ئەمرۆ سبەی دێم بۆلای تۆ...

وەکو مناڵەکەی جاران ...

لەباوەشی خۆتم بگرە...

چونکە ژیان بە بێ دایك ...

بێ واتایە و مەژی و مەمرە ...؟!!

کۆیە- ٢٠١٧/١٢/٤

# (فرمێسکە وشە)

لە دوای تۆوە،

بزەیەکی تیا بەدی ناکرێ،

ئەلبومی یادەوەرییەکانم!!

لە دوای تۆوە،

کەسێك نییە،

پارچەکانم کۆکاتەوەو

ئومێدێك بێت بۆ ژیانم!!

٢٥- ١١- ٢٠١٩

# (پایز)

دە لێمگەڕێن،

با دەست لە ملی پایزکەم،

لەگەڵ گەڵای درەختەکان،

کەمێ خەمی دل بە باکەم!!

دەلێمگەڕێن،

با کزەبای زەردی پایز،

لەگەڵ گەڵای هەڵوەریوی کەنارەکان،

لە ئێوارەیەکی ماتەمدا،

بدەنە گوێم چرپەی ئازیز!!

دەلێمگەرێن،

لە گەل پایزا بگرێم،

بۆ ژینی پڕ کوێرەوەریم!!

دەلێمگەڕێن،

سۆمام پڕ بێت،

لەگەڵای زەرد،

ئەشکی پایز،

لە چاوانما بێتە خواریّ!!

دەلێمگەڕێن،

دڵم پڕ بێت،

لەو باڵندە کۆچەریانەی،

لەئێوارەیەکی پایزدا،

زریان دەیان هێنێ و دەیبات!!

کەس نییە خەمییان بۆ بخوات!!

دەلێمگەڕێن،

لەگەڵ پایز ئاوێتەبم،

من ببم بە وەرزی پایز،

وەرزی پایزیش بێت بە من!!

دەلێمگەڕێن

لە پایزا،

لەسەر،

ئەو گەڵا زەردانەی،

بەداماوی،

دێن دەچن و دەخولێنەوە،

چیرۆکی پڕ لە ئازاری،

خۆشەویستمان بنوسمەوە!!

# (عەتر)

کاتێ،

عەتری پیت و

دەنگە  ناسکەکانی جوانی،

بەسینگمانا تێدەپەڕێت،

لە نێو هەمو پیتەکاندا

چیرۆکی عەشقی من و تۆ،

لە هەناسەمانا دەژین،

بێزار مەبە،

سازش مەکە،

دودڵ مەبە، بەخشندەیی و

شەبەنگی خۆت بەجێ بهێڵە..

وەک باران بە،

لەنیوەی ڕێ مەمێنەوە،

واز لە گرمە گرمی توند و

هەورە بروسكەی،

بەبێ بەفر و باران بێنە،

دابباره،

بەسەرکێڵگەی،

جەستەی تینوی ئەوانەدا،

نوێژە بارانەت بۆ دەکەن،

چاوەڕوانی،

ئەوە دەکەن،

بە جوانی و پاكی و عەشقی خۆت،

بست بەبستی  خاكی دڵیان،

بۆ تێراو و سپی بكەی،

لە ئاسمانا،

بە قەتیسی و هەڵواسراوی،

مەمێنەوە،

چونكە گیانە،

بەم شێوەیە ،

نەئەبەزی و

نە سەرکەوتنیش دەبینییەوە!!!

# (بەبێ عەشق)

بەبێ عەشق و خۆشەویستی

هەمو پەرستنەکان،

تەنها خوێکە!!

هەمو سەمایەکان،

تەنها جوڵەیەکە!!

هەمو ئاوازەکان،

تەنها دەنگێکە!!

هەمو پەیمانەکان،

تەنها قسەیەکە!!

هەمو  تێکەڵ بونێک،

بەبێ هەستەو

تەنها بەرکەوتنی جەستەیەکە!!!

## (ژانی شیعر)

ژانی لەدایک بونی،

ئەو شیعرانەم،

کە بۆ جوانی تۆ دەنوسرێ،

زۆر زیاترە،

لە ئازار و خەم و ژانی،

ئەو دایکەی نۆبەرەی دەبێ!!

بەڵام کاتێ،

ئەو شیعرانە،

کە بەرهەمی فرمێسک،

ئازارو ژان و

تاقانە و جگەرگۆشەی منن،

دەیکەمە قوربانی عەشق و

بۆ هەواری تۆی دەنێرم،

نازانم بەهای چەندە لای تۆ؟

بەڵام ئەوەندە دەزانم،

زۆر لای خۆت نایهێڵیتەوە!

لەبەر چاوانا ون دەبێ،

وەکو گەڵای، ئێوارە پاییزێکی،

مات و خەمگین،

بەبێ دەنگی،

بەبێ ئەوەی شوێنەوارێ،

لەدوای خۆیا،

بەجێبێڵێ،

هەڵدەوەرێ!!

# (چاوت)

عەشقت دەمکا

بە شاعیرێکی جوان و

ڕەنگاو ڕەنگ!!

چاوەکانت دەبنە،

سەرچاوە و هەوێنی،

دەیان شاکاری شۆخ و شەنگ!!

زۆرر دەترسم،

کاتێ مردم،

کەس لەسوچی ڕۆژنامەیەکیش،

نەکا باسم!!!

لەکاتێکدا عەشقی منیش

هیچی کەمتر نییە

لە مەم و زین

لەیلا و مەجنون،

هەمو ئەوانەی دەیناسم!!!

## (تۆ)

لە غیابی تۆدا

بە هەتیوی دەمێنمەوە

جگە لە تۆ،

ئەگەر هەمو ژنی دونیا

لە باوەشی خۆیدا بمگرێت!!!!

# (خو)

هەمیشە واین،

ئەوەی لەدەستمان ئەچێت،

هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەدەین!!!

ئەوەی لەبەر دەستمانە،

پشتگوێی دەخەین!!

ئەوەی خەممان ئەخوات،

گاڵتەمان پێی دێت!!

ئەوەی خەمی بۆ ئەخۆین،

پێمان پێدەکەنێت!!

# (ڕۆمانی عەشق)

من بوم،

دوێنێ،

ڕۆمانی عەشقی تۆم نوسی!!

من بوم،

دوێنێ

تەمەنی جوانی و لاوی خۆم،

بەتۆ بەخشی!!!!

من بوم،

ئەمڕۆ،

بەفرمێسك و خوێنی دڵم،

داستانی عەشقی تۆم نەخشان!!!

کەچی لێم دیارە

سبەینێ

**من دۆڕاو و**

**گەمژەکان دەبنە پاڵەوان؟؟؟؟**

# (حەسرەت)

لەو ساتەوەی

چاوە سیحراویەکانی تۆم دیوە،

هەمو شیعرێکم بۆ تۆیە و

لە جوانی تۆم هەڵچنیوە!!!!

بۆیە دیوانی ئەم جارەم،

لە ناخیا

تەنیا حەسرەتی عەشقی تۆ و

لە سەر ڕوی بەرگەکەشیدا

بەس ناونیشانی تۆی نوسیوە!!!

## بۆچی؟

باشە کە تۆ پێدەکەنی،

بۆچی دڵی من خۆشەبێ؟

کەسەیرت دەکەم،

زۆر لام سەیرە،

دڵ و مێشکم بێ هۆشەبێ؟!!

هیچ سیحرێکت لێم کردوە،

بێ ئاگا بوبم و نەزانم؟

دەپێم بڵێ،

بمەوێ چوار چرکە دوربم،

بۆ قورسە بۆم و ناتوانم؟!!

# (چۆن جوان نەبم)

چۆن جوان نەبم؟،

کاتێ کە تۆ،

جوانیم بەسەر،

دەبارێنی،

چۆن عاشق و شەیدا نەبم؟

کاتێ چاوە مەستەکانت،

لە ناخەوە ئەمڕەتێنێ!!

چۆن دڵ تەڕ و گەنج نەبمەوە؟

کاتێ خەونی بە تۆ گەیشتن،

موچڕک بەلەشم دێنێ!!!

# (باوەشی گەرم)

عەشق

وەک منداڵێکی ساوایە،

دەبێ بلاوێندرێتەوە!

بۆیە منیش،

هەرچییەکم بەرامبەر کەی،

هێشتاکە هەر،

لەباوەشی گەرمی خۆمت،

دەنێمەوە!!

# (ترس)

هەناسەکەم،

ماوەیەکە،

چاوم دەفڕێ،

دەڵێن ئەوەی چاوی بفڕێ،

کەسێکی زۆر خۆشەویستی لێ ون دەبێ،

زۆررر دەترسم،

ئەمن بمرم،

یان تۆ شتێکت بەسەربێ!!!

# (یاد)

یادم ناکەی؟

یادی،

ڕەنگە پایزییەکەی

چاوم ناکەی؟

یادی،

وشە بێ ناز و

وەریوەکانی،

چرپەی لێوەکانم ناکەی؟

یادی

بۆنی هەناسەو

هەستە تینوەکانم ناکەی؟

یادی

پیاسەیەکی ئێوارانی

نێو کۆڵانە،

تەنگەکانی دڵم ناکەی؟

یادی،

پشوە خەوێکی سەر سینەی،

پڕ حەسرەت و ناڵەم ناکەی؟

دەوەرە نێو دەرونمەوە،

باوەشم بۆت کردۆتەوە،

دەرگای دڵم،

بەکۆدی تۆ نەبێ گیانە،

بەکۆدی کەس ناکرێتەوە!!!

وەرە گیانە

ڕۆحی ماندوت،

لە جۆلانەی دڵی منا پشو پێدە

بۆ نازانی

**ماڵی دڵم**

**تا هەتایە خانەخوێتە!!!**

# (چۆن بتوانم)

چۆن بتوانم عەشقت نەبم؟

چۆن بتوانم خۆشم نەوێی؟

چۆن بتوانم،

لێت جودابم؟

چون بتوانم بێ تۆ بژیم؟

کاتێ جوانی،

خۆشەویستی،

عەشق،

ژیان،

لە تۆی ئازیز،

دێتە بون و

دەست پێدەکا ؟!!!

# (بەڵێن)

بەڵێن دەدەم،

تا مانگ بە ئاسمانەوە بێ،

تا خۆر ڕوناکی تیا مابێ،

تاکو ئەستێرە  بدرەوشێ،

تا چۆلەکەك بجریوێنێ،

تا گەڵای درەختێك مابێ،

تاکو دەریا شەپۆڵ بدا

تا هەور باران دابارێنێ،

عاشقت بم!

خۆشتم بوێ!!

خۆشتم بوێ!!

# (ڕوناکی دڵ)

خەمڕەوێنم،

دەبا تیشکی چاوەکانت،

ئەم دنیایە،

بگرێتەوە.

هەرچی

خەم و ناخۆشیە لەم ژیانە،

بیسڕێتەوە.

دەدەرکەوە،

با ئەمجارەش،

چاوی گەشت،

خۆشی و شادی،

بەخشێتەوە!!!

شەو،

کۆتا هات،

چاوەڕوانم،

تۆ هەڵبێت و

بەیانییەکی دی بێتەوە،

لەگەڵ تیشکی،

هەتاوی تۆ،

دڵم،

ڕوناک ببێتەوە!!!

....

# (شکانی دڵ)

هەمو گوێیان

لەچرپەی ئەو وشانەش هەیە،

کەهێشتاکە دەرنەبڕاون،

بەڵام نازانم،

بۆ هیچ کەس،

(دەنگی،

شکانی ئەو هەموە دڵە نابیستێ)

وەك شوشە،

ورد و خاشکراون!!

## (پەیام)

هەناسەکەم

هەر باڵندەیەکی کۆچەری،

هەر کۆترێکی تارت بینی،

بەدیار ماڵتانا،

سوڕاوە،.

ئاگات لێ بێ،

مەیتۆرێنە،

سڵاوی منی بۆ هێناوی،

لە لای  منەوە،

نێردراوە!!!!

## (عەشقی نەمر)

بەیانیت جوان،

جوانتر لەبزەکی پڕ شەرم.

لە گزەنگی بەربەیاندا،

بەیانیت خۆش

خۆشتر لە ماچێکی گەرم

لەڕۆژێکی تەزی و ساردا !!!

بەیانیت باش...

ئەو بەیانییە و

هەمو بەیانییەک،

من دەمەوێ،

لەچاوی دڵ،

لەناخ و   هەست و هزرمدا،

لە   هزرو  هەست و ناخ و

چاوی دڵتدا

ڕەنگبدەینەوە!!!

هەناسەکەم،

من دەمەوێ،

لەگەڵ تۆدا ببم بەیەک،

یەک جیهانمان هەبێ،

یەک خەونمان هەبێ،

یەک ئامانجمان هەبێ،

یەک ژیانمان هەبێ،

بەیەک چاو ببینین،

بەیەک گوێ ببیستین،

بەیەک هەست بچێژیین،

بەیەک دڵ بژین،

بەیەک ڕۆح بمرین،

ئەوینەکەم،

ئەو ئەشقە نامرێ

بەیەکسانی،

خەم و خۆشی،

دابەش دەکەن!!!!

بەیەکسانی،

یەکتری دەلاوێنەوە !!!

بەیەکسانی خەمی ژیان

لەکۆڵ دەکەن، دەری دەبڕن!!!

بەیەکسانی،

عەشقی یەکتر،

لەئامێزی خۆیان دەگرن،

بەیەکسانی

وەک دو باڵندەی کۆچەری،

**لە ئاسمانا،**

**لەتەنیشتی  یەکتر،**

**دەفڕن !!!**

**هەر وەکو**

**دو هێڵی تەریب،**

**هەمیشە پێکەوە دەبن !!!**

# (بەیانیت باش)

هەناسەکەم،

دڵنیابە،

هەرگیزاو هەرگیز نابینی،

درۆیەکت لەگەڵ بکەم،

تەنیا ئەو درۆیە نەبێ،

هەمو ڕۆژێ

کاتێ ئەحواڵم دەپرسی،

وێڕای هەستی تێکشکاو و

هەناوی هەلاهەلاشم،

هێشتا

هەر پێت دەڵێم باشم!!!!

# (مێژوی عەشق)

مێژوی عەشق،

لەمنەوە دەست پێدەکا و

کۆتایی دێ!!!

هەست و نەستم،

بۆتۆی ئازیز،

هەتا هەتا ئاوادەبێ،

تا ئەو ساتەی،

خۆری ژینم،

ئاوا دەبێ،

## (ئەمشەو)

ئەم شەو،

فرمێسک ناهێڵی،

پێڵوی چاوانم داخرێ،

ئەمشەو،

هەواڵی ماڵئاواییت،

وەک موس جەرگ و دڵم دەبڕێ!!!

ئەمشەو،

فریشتەی ڕۆح کێشان،

بەدیارمەوە،

دێت و دەفڕێ!!

ئەمشەو

پەپوی نائومێدی،

شیوەنی مەرگ دەچڕێ!!!

ئەمشەو،

هیچ کەسێ وەکو من،

دڵ پڕ ئێش و ئازار نیە!!!

ئەمشەو،

هیچ کەسێ وەکو  من،

ماڵوێران و

تەنیا نیە!!!

گلەیی،

لە هیچ کەس ناکەم،

چارەنوسی من ئاوایە،

بەختم لەگەڵ دابڕان و

جودایی و تەنیایی دایە!!!

# (هەتوان)

فریشتەکەم

چۆن بتوانم، تۆ لەیادکەم،

کاتێ تۆ  ترپەی دڵم بی،

کاتێ تۆ ئاو و نانم بی،

کاتێ خەیاڵ و خەونم بی،

کاتێ تۆ  هەست و نەستم بی،

ڕوناکایی شەوی تارو

هاودەم و دڵنشینم بی،

مەرهەم و

خەمڕەوێنم بی؟!

# (خەرمانی خۆشەویستی)

کەس،

بەهانامەوە نایە،

لە داڵانێکی تاریکا،

گیری خواردوە،

ئاسکی عەشقم .

هەناسەکەم،

زۆر دەترسم،

ئەمجارەشیان،

خەمی تەنیایی،

دامپۆشێ و

لەدوری تۆدا

بمرم!!!

لە خەرمانی خۆشەویستیت،

خۆڵەمێشەکەم،

جێبێڵم !!!

# (سۆنامی)

ئای چ سۆنامییەکی،

دروستکردوە،

لەناخما،

چاوی مەستت!!!

لە نمرە حەوت،

تێپەڕیوە،

لەدڵما،

بومەلەرزەی،

توندی عەشقت!!!!

# (ڤالانتاین)

لەڕۆژی ڤالانتاینا،

لە جیاتی گوڵ،

پێتی دەبەخشم،

ڕوح و دڵ!!

خۆشەویستیت،

بە خوێناوی سوری جگەر،

دەنەخشێنم،

لەپاڵ تۆدا

هەرچی شتە

لێی ناکەم سڵ،

هەر بەعەشقی تۆوە دەژیم،

تا ئەو ڕۆژەی،

دەمرم و

دەمخەنە ژێر گڵ!!

# (مردن)

له یەکەم ڕۆژی

بونمانەوە،

مردن،

وا بەدوامانەوە!!!

جار ناجارێ،

لەدورەوە سەیرمان دەکا،

هەندێ جاریش،

سڵاوێک دەکات و دەڕوا،

زۆر جارانیش،

بەدیارمانەوە دەوستێ،

مەبەستیەتی،

بە پەلەپەل لە پڕێکا،

دەست بخاتە سەردەمان و

هەناسەمان لێ ببڕێ،

ئینجا ماڵئاویمان لێکا!!

کەواتە با

تا لە ژینا

هەین و دەژین

هۆکاربین بۆ خۆشی و شادی،

نەک ئازار و شین و گرین!!

## (گەردەلول)

تۆش وەکو،

هەوری سۆپەر سێڵ،

وەک،

گەردەلولی تۆڕنادۆ،

هەر وەکو،

جەڵتەی مێشك و دڵ

خوێنەبەربونی،

ناخم هاتی،

باخی جوانیمت شێواندو

ئاوڕت نەداوەو

ڕۆیشتی!!

# (ڕەشەبای مەرگ)

ئیتر بەلامەوە گرنگ نییە

ڕەشەبای مەرگ

بۆ کوێ دەچێ،

چۆن هەڵدەکا!!

کاتی گوڵزاری تەمەنم

لەدوای بێدەنگ بونی تۆوە،

گەڵاو گوڵی پێوە نەما !؟

## (سەردەمی هیچ و پوچی!!!؟؟)

گلەیی،

لە کەس مەکە... کاتێ،

گوێ

لە ڕاز و هەستی شکاوت ناگرن،

قرچەی قرچی،

جەرگی سوتاوت نابیستن،

فرمێسکەکانت نابینن ،

زامی قوڵت ئەکولێننەوە!!!

گلەیی

لە کەس مەکە...کاتێ

نامەکانت ناخوێنەوە،

شیعرەکانت دور توڕدەدەن،

ڕۆمانەکانت دادەخەن،

کتێبەکانت ناکڕن،

گوێ لە گۆرانیت ناگرن،

هیچ کەس بایەخت پێ نادا؟!

گلەیی

لە کەس  مەکە...کاتێ،

ئەوانەی بە شەونخونی تۆ

ئەوانەی بەپاڵپشتی تۆ

ئەوانەی بەخوێناوی تۆ

دەستییان بەپارە و پول گەیشت،

لەسەر کورسی شەرمەزاری،

دانیشتونە بەیەکجاری،

ئێستا سڵاوت لێ ناکەن؟!

گلەیی،

لە کەس مەکە ...کاتێ،

هاوڕێکانت... دۆستەکانت،

قوتابی و شاگردەکانت،

هاوپیشە و نزیکەکانت،

کاری نەبێ،

نە هەواڵێکت دەپرسێ،

نە نامەکت بۆ دەنوسێ،

نە زەنگێکیشت بۆ دەکا!؟

گلەیی،

لەکەس مەکە...کاتێ

مەعشوقەکەت  لێت زیز ببێ،

بیانگەی نابەجێت پێ بگرێ،

بۆ ساتێکیش گوێت لێ نەگرێ،

بۆ ئەبەد لە یادت بکا؟!!!

گلەیی

لە کەس مەکە...کاتێ

تاک و تەنهایت،

جگە لە سێبەرەکەی خۆت

کەس پیاسەیەکت لەگەڵ نەکا !؟

گلەیی

لەکەس مەکە... کاتێ

ناتکەنە بەرپرس،

نابیتە وەزیر،

بە پەرلەمانتار دەرناچی،

پێت ناڵێن سیاسەت مەدار،

خەڵک و کۆمەڵگا،

حکومەت و دەسەڵات،

قەوم و قیلە و

بۆ هیچ ڕاوێژت پێ ناکا !؟

گلەیی،

لە کەس مەکە... کاتێ

گەمژەیەک بێ حکمەت بکا،

بەڕە نەوەکو بەدولا

بەتاکە لایەش ڕاناگا !؟

گلەیی،

لەکەس مەکە... کاتێ،

ناکەس بڵند و

درۆ بەرز و

دوڕو  و

ماستاوچی و بێ ناموس،

لەسەرەوە و

ڕاستگۆ و دڵسۆز و

ڕەوشت بەرزیش

لەژێر  پێیانا هاوارکا؟!!

ئاخە گوڵم

ئەم سەردەمە،

سەردەمی هیچ و پوچییە،

گەر (هیچ) نەبی،

کەس ئاوڕت لێ ناداتەوە،

دەستیشت بە (هیچ) ڕاناگا ؛؛؛؛؟؟؟؟

٢٠- ٨- ٢٠٢٣ کۆیە

## (مرۆڤبون)

بۆ ئەوەی،

بۆهەتاهەتایەو

بۆ هەمیشە جوان بیت،

بۆئەوەی،

زیندویەتی و نەمری،

بەجوانی ببەخشی.

بۆ ئەوەی،

ژیان جوان و

پڕ چێژ و واتادار بکەی،

بۆ ئەوەی،

مێژوی مرۆڤبون و

جوانی بنوسیتەوە.

بۆ ئەوەی،

تا ئەبەد،

لە دڵ و هزری خەڵکا،

بمێنیتەوە.

جوان بیربکەوە،

جوان ببینە،

جوان ببیستە،

جوان بۆن بکە،

جوان بچێژە،

جوان بەرکەوتنکە،

جوان بخوێنەوە،

جوان گوزارشتکە،

جوان خەیاڵکە،

جوان خەون ببینە،
جوان ئەوینداربە،
جوان بژی،
جوان بمرە؟!!!!!!!!

کۆیە، ٢٠٢٤

# (ونبون)

که تۆم ناسی

وامزانی

خۆم ئەدۆزمەوە!!

نەمزانی

بۆ تا هەتایە،

لەدەریایی چاوەکانتا،

ون دەبم و

بێ ناونیشان دەمێنمەوە!!!

## (وەفاداری خەم)

سەدان جار،

خۆمم،

لە خەم شاردەوە،

هەزاران جاریش،

خۆمم لێ ونکرد،

بەڵام دڵسۆزی،

وەک ئەوم نەدی،

تەنیا ساتێکیش،

پشتێ لێم نەکرد!!

وەفاداری وا،

قەت نابێتەوە،

عومرم بەسەرچو،

دڵمی چۆڵ نەکرد!!!

٢٨_٩_٢٠٢٣

# (من بێ تۆ)

من

خەمناكترین،

دڵشكاوترین،

بێدەنگترین،

ژوری سارد و

سڕ و تەنیام،

من

بەدبەخترین،

بێنازترین،

بێكەسترین،

هەژارترین

كەسی دنیام،

چونكە تۆم نیت؟!!!

# (سۆزی دایك)

لەپاشە تۆ،

قوڵپی گریانم وشك بو،

فرمێسکم بۆ هیچ کەس نایە!!

لە پاشە تۆ،

لافاوی سۆزم دامرکا،

سەبوریم بە هیچ کەس نایە!!

لەپاشە تۆ،

کلیلی عەشق و ئومێدم،

لێ کەوتۆتە،

ناو دەریاوە،

هەرچەند دەکەم بۆم دەرنایە!!

لەپاش،

لای لایەی تۆ دایە،

ژیان ببێ بە بەهەشتیش،

بۆنی جارانی لێ نایە!!

٢٥- ٥- ٢٠٢٣

## (جوانی تۆ)

تۆ،

لەخۆر،☀

لە مانگ،

لە ئەستێرەکانیش،

جوانتری!!!!

کە خۆر  قژی دەکاتەوە

تەنیا شەبەنگ دەرەکەوێ.!!!

کە مانگ،

چاوی دەکاتەوە،،

هەر تریفە هەڵدەڕژێ!!!

کاتێ ئەستێرەکانی ئاسمانیش،

وەک ئەڵماس دەدرەوشێنەوە،

لە باوەشیا

ئاڵتونی گەڵا

دەوەرێ!!!

بەڵام لەگەڵ،

دەرکەوتنی جوانی تۆدا،

لە یەک کاتدا،

خۆرەتاو و

مانگ و

ئەستێرە و

پەپولە و

گوڵە گەنم و

شەونمی گوڵاو

دەبارێ!!!!

# (عەشقی زاڵم)

ئای عەشق،

چەندە زاڵمی،

هەرخۆت شێت و شەیدات کردم

فرمێسکی دنیات پێ ڕشتم،

کەچی ئێستا،

خۆشم ،

نازانم لەبەرچی،

لە گشت شت بێ بەریت کردم؟!!!

ئای عەشق،

چەندە بێباکی،

خەمت نییە،لەدوای تۆدا چیم بەسەردێ؟!

بەحەسرەتی تۆوە مردم!

ئای عەشق،

چەندە بێ زەیی،

(شاهنشاهی غروری بوم،

ئێستا لە سەرچۆکا کەوتوم)!

ئای عەشق،

چەندە دڵڕەقی،

لەدوای ئەو هەموو دڵشکانە،

بژیم ، نەژیم وەک یەک وایە،

تازە من تێپەڕیم و چوم!

ئای عەشق،

چەندە خوێنڕێژی!

وا هیلاک و ماندوت کردوم،

وەها پارچە پارچەت کردوم،

بە هیچ گۆچانێکی سیحریش،

نابمەوە کەسەکەی جاران!!

# (ئینفرادی)

کەس نییە،

ڕقی لە ئازادی بێ،

تەنیا منی عاشق نەبێ،

خۆشحاڵ دەبم،

لەنێو دڵتا،

تا هەتایە،

زیندانی ئینفرادی بم!!!!

# (عەشقی ڕۆحی)

من  بەتەنها،

ڕوناکییەکەتم،

خۆش ناوێ،

تاریکییەکانیشتم دەوێ!!

عەشق بون،

کاتێ پیرۆزە

وەرگرتن و

هەستی بەخشینیشی تیابێ!!

## (ئارامبەخش)

هیچ بۆن و

هیچ تام و

هیچ دەنگ و

هیچ ڕەنگێگ.

هیچ تەن و

هیچ  کەس و

هیچ شتێک.

بەقەد تۆ

بۆنخۆش و پڕ چێژ و

پڕ لە شۆخ و شەنگی نییە،

تەنها بەقەد

چرپەیەکت

بەقەد  بزە و خەندەیەکت

بەقەد یەک نیگای چاوێکت

ئارام بەخش و

سەرسوڕهێنەر و سیحراوی و

پڕ تەلیسمی جوانی نییە!!

بۆ دڵی ،

پڕ ئێش و زامم،

ئازارکوژ و  عیلاج نییە!!

هیچ سۆنامی و

بومەلەرزە و گڕکانێکیش،

لەدڵمدا،

بەقەد  دوریت،

ترسناک و

وێران

نییە!!!!

# (خۆزگە)

خۆزگەم بەخۆت،

لەوکاتەی کە،

زۆر هەست بەتەنهایی دەکەی

یەکێک هەیە،

چرکە بە چرکە دەژمێرێت،

بۆ بینینت!!!

خۆزگەم بەخۆت،

لە زەمەنێک،

کە کەس ئاگای لە کەس نییە،

کەچی تۆ لە دڵما دەژیت!!!

خۆزگەم بەخۆت،

کەسێک هەیە،

بەردەوام دڵی لەلاتەو

لێت دەپرسێت!!!

خۆزگەم بەخۆت،

کەسێک هەیە،

خەمەکانت لەگەڵ بەشکاو

ببێتە فریاد ڕەس بۆت!!!

خۆزگەم بەخۆت،

کەسێک بەڵێنی پێتداوە،

لە تاریکیا،

تیشکی خۆرو

لە نائومێدیا ئومێدو

لە شکستا

توانا بێ بۆت!!!

خۆزگەم بەخۆت،

کەسێک هەیە،

لەم ژیانە،

هیچ  هیواو ئاواتێکی نیە،

جگە لەتۆ و

تەنهاو تەنها،

بۆ تۆ دەژیت،

تەنهاو تەنها،

بۆتۆ دەژیت!!!

## (هەمیشە خۆشم دەوێی)

لە تەنیایتدا

خۆشمەوێی.

لە بێهیزتدا

خۆشمەوێی،

لە شکستیدا

خۆشمەوێی.

لە بێ ئومێدیتدا

خۆشمەوێی،

لە نەساغیتدا،

خۆشمەوێی.

لە چاوەڕوانیتدا،

خۆشمەوێی.

لە هەژاریتدا،

خۆشمەوێی.

لە هەڵاتندا

خۆشمەوێی.

لە دۆڕاندندا،

خۆشمەوێی.

لە نەویستنتدا

خۆشمەوێی.

لە بێ بازاڕیتدا

خۆشمەوێی.

لە پیریتدا

خۆشمەوێی.

لەکەوتندا

خۆشمەوێی.

لەونبونتدا

خۆشمەوێی.

لە لەرزینتدا

خۆشمەوێی.

لە خۆرئاوا بونتدا

خۆشمەوێی.

لە ناخۆشیەکاندا و

بۆ هەمیشە،

تا هەتایە،

خۆشم ئەوێی!!!!!!

# (دڵی بێ ئاگا)

ئاگات لێیە،

جوانیت،

گوڵم؟

شەقامەکانی داپۆشیوەو

خەمیشت دڵم.

کەچی تۆ

هەر پێدەکەنیت؟؟؟؟

## (لەگەڵ تۆدا)

کاتەکانم،

لەگەڵ تۆدا،

زۆر شیرینە.

یادەکانم

لەگەڵ تۆدا،

گوڵستانێکی ڕەنگینە.

بەڵام ئەو نازە بێدەنگییەت،

هەموم لێ دەکا بە ژەهر!

ئەم جیهانە فراوانەم،

لێ دەکا بە گۆڕ و قەبر!!!

# (یەك تاکی)

**من کەکاتێ مەست و نوقمی خەیاڵتم**

**هــەرچەند دوربــــی، وادەزانـم لەلاتم**

## (تەمەن)

هەرچەندە،

بەتەمەن گەورەم.

بەڵام هێشتا،

منداڵە بێ نازەکەی جارانم!!!

هەمو شەوێ،

بە هەنیسك و فرمێسکەوە،

چاوم دەچێتە خەووە.

ئاخە گیانە

لەدوایی دایکم،

کەسێ نییە،

سەرم بنێمە سەرسنگی،

کەمێ لە ئازارەکانم،

لەباوەشیا بیربەمەوە.!!!

## (خوازیار)

گەر خوای گەورە،

پێیدا بوایەم ،

هێز و دەورە،

گەر،

دەسەڵاتم هەبوایە،

نەمدەهێشت،

مار پێوەبدا!!

چزی دوپشکم دەقرتاند،

چی  بکوژ و ژەهردارە

لە بنڕا ڕەگیم دەپچڕاند!!!

گەر دەسەڵاتم هەبوایە،

نەمدەهێشت ،

گورگ مەڕ بخوا!!!

نەمدەهێشت ،

شێر،

کار مامزەکان ڕاو بکا!!

گەر،

دەسەڵاتم هەبوایە،

پاشای دارستانم ناهێشت،

ڕێم نەدەدا،

یەک نێچیر و

یەکیش ڕاوچی و دڕندە و داڵ!!

ڕێم نەدەدا

یەک ملیاردێر

یەکیش قوڕبەسەرو عەوداڵ!!!

ڕێم نەدەدا

یەک شاجوان و

یەکیش کەت و سەقەت و لاڵ

ڕێم نەدەدا

یەك بەهێز و دەست ڕۆیشتو،

یەکیش،

چەوساوە بێ و ماندو!!!

گەر ،

دەسەڵاتم هەبوایە،

ڕەش و سپیم تێکەڵ دەکرد،

تا سپی ڕەنگ،

ناز بەسەری ڕەشا نەکا!!

گەر ،

دەسەڵاتم هەبوایە،

بەشێوەیەك

ناشیرینی و جوانییەکانم،

ئاوێتەی

یەکتری دەکرد،

هەرچی ناحەزییەك هەبوایە

لەناو جوانیا ونمئەکرد!!!

گەر

دەسەڵاتم هەبوایە،

چی دڕك و داڵە ئەمسوتاند،

لەجێگایان،

گوڵستانێکم ئەڕواند!!

گەر

دەسەڵاتم هەبوایە،

نەمدەهێشت

هیچ دایك و باوکێك،

لەمنداڵەکەی و

هیچ منداڵێکیش لە جیهان،

لە دایك و باوکی خۆی بکەن!!!

گەر،

دەسەڵاتم هەبوایە،

نەمدەهێشت،

پشتی،

هیچ باوکێك ،

بشکێنن.

جەرگی هیچ دایکێك

بسوتێنن!!!

گەر

دەسەڵاتم هەبوایە،

هەرگیزا و هەرگیز،

نەمدەهێشت ،

جیابونەوە،

دروست ببێ!!!

نەمدەهێشت ،

هیچ کەس و خەڵکێ،

گوێی لە ناڵەی،

دابڕان و جودایی بێ!!

گەر

دەسەڵاتم هەبوایە،

پاشا و گەدام،

هاوتا دەکرد،

هەردوکیانم لە یەك ئاستا ،

جێگیر دەکرد!!!

گەر،

دەسەڵاتم هەبوایە،

زوڵم  ستەم و زۆرداریم ،

قبوڵ ناکرد !!!

ئەوەی زوڵمی بکردایە،

نەمدەخستە ڕۆژی دوایی،

هەر ئەو ساتە فتم دەکرد!!!!!

گەر،

دەسەڵاتم هەبوایە،

لە جێی گریان،

پێکەنینم دەبەخشییەوە،

لە جێی فرمێسکی چاوەکان،

شادیم لە ڕویان،

ئەڕوان!!!

گەر

دەسەڵاتم هەبوایە،

نەمدەهێشت کەس،

غەمگین و چاو بە گریان بێ،

دیل و کەساس و داماو بێ

تا ڕۆحی لە ژیان مابێ!!!


زامی ئەشق
شیعر
م. ڕزگار عومەر فەتاح

(١)

(....!؟)

چۆن فرمێسك،

زۆر جار گیانت ،

کەمێك فێنك دەکاتەوە،

زۆر جار خەمیش،

خەمت لەیاد دەباتەوە!!!

چۆن دەریایی شین و بێگەردیش،

زۆرجار خۆی بەڕەش دەنوێنێ،

گەلێك جاریش،

پڕشنگی ڕوپەڕی گەشی،

گوڵاڵەیەکی کوێستانیش،

بەتینتر لە گڕی ئاگر،

نەوەك و دڵ دەتوێنتەوە،

لەڕیشەوە ئێسك و

جەستەش دەسوتێنی!!!

١٩٩٢ _ کۆیە

(٢)

هیچ تەنیا نیم،

واتێمەگە،

دڵنیابە

لەم ساتەوەی،

تۆ رۆیشتی و بە جیتهیشتوم،

تاکو ئێستاش

کۆڕی شەوانم،چۆل نەبوە!!!

دڵ دەهۆل و

هەناسەم وەك نەی ناڵیوە،

ڕۆحم پیری موغانی مەیخانەو

چاوی ساقیم،

جامی فرمێسکی گێڕاوە،

خۆشم سەرمەست،

لەنێو ئاهەنگی ئازاردا،

سوڕ دەخۆم،

پێکی خەم و

مەزەی خوێناو دەخۆمەوە....؟!!!

کۆیە _ ١٩٩٢

(٣)

بۆجێتهێشتم ...

دڵنیابە،

منی باڵندەی سەرمەست و

دڵ پڕ خرۆش و بە ختیاری

گریانیشم،

لە ئاوازی قەڵەڕەش و

بومی شومی،

سەردیواری، داڕماوی، وێرانگاکان ،

خۆشترە .....؟!!

بۆ جێتهێشتم ...

دڵنیابە،

ڕوخسارە پایزیەکەشم،

لەدیمەنە دڕکاوییەکەی،

بەهاری ئەو ڕازاوترە....!!!

بۆ جێتهێشتم ...

دڵنیابە

هەژاریش بم،

دڵم سەد هێندەی دڵی ئەو،

گەشاوە و فراوانترە،

پڕشنگی خۆر  باکزیش بێت،

ڕوناکایی لە هەزاران،

گەلەئەستێرە زیاترە،

کۆیە _١٩٩٢

(٤)

ئیستاش... گیانە،

من نامەوێ،

کۆپەڵە شیعرێ بنوسم،

بۆنی جیابونەوەی لێ بێ...

بەڵام چی بکەم ..؟!

گشت عاشقان،

بە سەنگی مەحکەم سوێند دەخۆن،

ڕیسوام بکەن بم سوتێنن،

نەوەك شیعرت بۆ بنوسم،

ئەگەر دەزوە دەمارێکی هەستیاریشم،

بۆ تۆ بزوێ...؟!!!

بۆیە منیش،

نەفرەت لەو جێگایەش دەکەم،

ئەگەر بۆن و

سەدای تۆی بێ وەفای لێ بێ..؟!!!

کۆیە -١٩٩٢

(٥)

چۆن لە یاد خۆمت بەرمەوە،

لەپاش ئەوەی،

گشت ڕەنگێکی،

سیما و ڕوخساری شێواوت،

لە نێوخوێن و

بۆتەی دڵم تواندەوە!!

لە پاش ئەوەی،

هەست و سۆزو بینایمت،

وەك کانیاوێکی رۆمانسی تەقاندەوە!!

لە پاش ئەوەی،

بەزنجیرە چرپەکانی ،

ترش و تاڵی ئەم رۆژگارە،

گوێچکەمت زرینگاندەوە!!!

لە پاش

ئەو هەمو خەمانەی،

لە هیچەوە بۆت دروست کردم.

تازە نامەی پەشیمانیم،

بۆ دەنێری!!

بۆچی گیانە،

وائەزانی هەمو شتێك،

وەك ڕژانی،

شەرابی وەفا و ئەوین و

لە یاد چونەوەی هەڵویست و

قسە و بەڵێنت ئاسانە.....؟؟!!!

(٦)

خۆشەویستیەکی ئەبەدی،

خۆشتم دەویست،

من تۆم بۆ تۆوی ژیان و

هەتاوی عەشق و ئازادی و

هەوێنی چڕە خەونێك و

چیرۆکێکی ریالیستی  و

جیهانێکی تازە

دەویست.....؟؟!!

(٧)

چاوەڕێ بوم

لە جیهانی ژیانما

تۆی شایی جوانی و خۆشەویستی

بە هەشتێکی ڕۆمانسیانە و سیحراویانە

بۆ تاقە کۆرپەکەی دڵم بخوڵقێنی ،

کەچی ئاخ وسەد هەزار ئاخ،

کە دواجار یەکترمان بینی،

لەکەناری،

جیابونەوە و دابڕانا،

بینیم،

نەك هەر هیچ ئاخێکت،

هەڵنەکیشا،

بەڵکو بزەی پێکەنینیش،

لەژێر پەردەی

لیوە درۆیەکانت دیاربو.... ؟؟؟!!

(٨)

کە باڵندەی،

بێ وەفایی و بێ هەڵوێستیت،

بە بارگەی کێشەو خەمەوە،

لەسەر چڵی،

درەختێکی نێو جەنگەڵستانی دڵم،

بەدڵنیایی نیشتەوە و

ئۆقرەی گرت.

تۆی دەرون لاواز ،

هەر زۆر زو

ڕوت وەرگێڕاو به جێتهێشتم،

بەڵام خەون و ئێش و زام و

ئەندێشە دەڕکاوییەکانت!!

گەلێك لەخۆت دڵسۆزترن،

تاکو ئیستاش،

هەر لە ناخی دڵم دان و

بۆ ساتیکیش جێم ناهێڵن .....!!!!!-

(٩)

هەر لە کۆنەوە ...تا ئیستا

من زانیومە،

نەك مرۆڤێکی ئاسایی،

گەر پەیامبەریش مردبێ و

هەناسەی ژینی وەستا بێ.

من زانیومە

هەر سێ شەو

سێ ڕۆژ پرسەو

چلەی خەم و

ماتەمینیان بۆ گێڕاوە!!!

بەڵام کاتێك،

تۆ کۆچت کرد

لە جیهانی،

دڵە بچکۆلانەکەی من،

لەم ساتەوە و تاهەتایەش،

نەوەك و خۆم،

بەڵکو دار و

درەختەکانی جێیژوانیش،

چاو بە فرمێسك و ڕەش پۆشەو پرسەیەتی!!

گشت ساتێکیش،

نەوەك،

لە چلەی ماتەما،

بەڵكو هەمو ساتەكانی،

هەر گریانە و

ئاهەنگی شین و شەپۆڕ و

دابەشكردنی تاڵاوە...؟؟!!!

(١٠)

وتەو كردارت

دژیەك بون

وشەكانت دەهەژایەوە و

دیوت گیانە

بەس تۆ وەرە

نێو جیهانی دەرونمەوە و

ئاوێتەم بە

من لە نێو بێشكەی دڵم دا

دەتنوێنم،

لەگەڵ پیرۆزترین هەستم!!!

كەچی عەشقت

بەبەرگی پایز داپۆشیم،

گەڵای زەردی كردە كفنم!!

لە گڵكۆی تەنگ و تاریكی،

پڕ لە مەترسیدا خستم.

هەولێر - ١٩٩٢

(١١)

ڕەنگە هەندێك

واتێبگەن

كەكەم ئەدوێم

لەبەر ئەوەبێ  هیچ شتێك

لە هەگبەی ژینم دا نەبێ

بەڵام بۆ دڵنیایی كە

هەر ساتێك خامۆش و بێدەنگ بم

ئەوا گوێچکەم

بۆچرپەیەکی شێواو و

سکاڵایەکی ناکاوا کردۆتەوە.

هەرساتێك خامۆش و بێ دەنگ بم ،

یا ئەوەتا لە پێشوازی ،

کاروانی غەمێکی ناسۆر و

لە کەناری روباری فرمێسکی

چاوێکی ماندودا،

تاڵاوی چاوەڕێکردن،

دەخۆمەوە .

یا ئەوەتا

بۆ بەڕێکردنی کۆچکردنێکی  ناوەخت

لە ڕێچکەی ماڵئاوای دام !!

(١٢)

(...؟!)

ڕۆیشتیت و

بەبێ سۆنگە ...بارگەت تێکناو

جیابویتەوە..

ڕۆیشتیت و کێ هانی دای

وتەو هەڵویستی ڕابردوت

بیرچێتەوە؟

بۆ ڕۆیشتی لە پاش ئەوەی

منت خستە

دەریایی خەم و ئەندێشە و کێشەی خۆتەوە

بۆ ڕۆیشتی

کێ وەکو من

چرای بەڵێن و پەیمانت بۆ هەڵدەکا ؟؟

کێ وەکو من

دەرگای دڵی بۆ ئەوینت واڵا دەکا؟

کێ وەکو من

گوێ بۆ قسەو ڕازو سکاڵات ڕادەگرێ

کێ وەکو من

سەدان ڕێگای سەخت و دژوارت بۆ دەگری؟!

کێ وەکو من

لە شەوانی مات و خامۆش،

ئاوازی سمفۆنیایی تەنیایی و

شەونخونیت بۆ دەژەنێ؟!

کێ وەکو من

هێندە سەرمەستی جوانیتە،

تا وەکو شەم بۆت بسوتێ؟!!

کێ وەکو من

لە میحرابی پەیکەری بەژن و باڵاتا

هەزارەها وشەی ناسك دەفڕێنی؟!!

بۆ ڕۆیشتی

کێ وەکو من

کەژاوەی شیعری ڕازاوە و

سۆز و ڕێز و خۆشەویستی و

وەفا گەشبینیت بۆ دێنێ ؟!!

بەڵام سەیرە نازانم بۆ

لەتەمەنی درێژی ساڵ

وەرزی پایزت  هەڵبژارد ؟!!

لە غروریتا بو،

یاخود لە بەختە ڕەشەکەی من بو،

ڕۆیشتیت و

ئاوڕت بۆ دوا نەداوە ؟!!!!

بەڵام پاش ئەوەی ڕۆیشتیت،

پەشیمانی دادت ناداو

ڕەشەبای شومی خەزانی زەرد،

گوڵالەی تەمەنی لاویت ،

دەوریێنێ،

دەوریێنێ !!!

کۆیە_١٩٩٢

(.....)

کاتێك

سەرگەرمی ئەوە بوین

گرێی ئاڵۆزکاوی عەشق و

کێشەکان یەکلاکەینەوە

بینرا نەك زمانی لاڵت

پێی شەرم بو

هیچ قسەیەك بدرکێنێ

بەڵکو پێڵوی چاوەکانیشت

مل کەچ بون

کڕنۆشیان بۆ ڕاستی دەبرد!!

کۆیە - ١٩٩٢

# (زو دەمزانی )

زو دەمزانی

ڕۆژێك دادێ

بە ئاسانی بە جێمدێڵی و

کۆچ و بارت

لە هەوارێکی تازەدا

بە نیگەرانییەوە  دەخەی .

لە گەڵ سەوزبونی چرۆی

خۆشەویستیەکی بێدەنگدا

من دەمزانی ...

تۆی بێ وەفا...

بۆمن نابی !!!

لەبەر هیچ نا

بەس لە بەر ئەوەی بەدبەخت بوم

بەڕاستگۆیی و دڵسۆزییەوە

## لە ناخەوە

## خۆشتم دەویست!!

# (ڕوانگە)

ئەگەر هاتو،

ڕۆژێ ڕوانیت،

درەختەکانی جێژوان،

بەم بەهارەش،

خەریکی گەڵا ڕێزان بون،

وشك و کڵۆڵ و ژاکاوبون.

ئەگەر هاتو

ڕۆژێ ڕوانیت

تیۆری سروشتیش گۆڕا

لە ساتێکدا،

شەو بو بە ڕۆژ،

ڕۆژ بو بەشەو،

بەهار بوە خەزانی خەم،

هاوینیش بوە چلەی زستان ،

گەردون بە هەر لایەك سوڕا،

تۆپی زەویش تەقیەوە،

سنوری جیهانیش گۆرا،

لات سەیر نە بێ،

مادام

بێ دڵێکی وەك تۆ،

لە دوا کۆچی دابڕاندا ،

زەردەخەنەی،

بەسەر لێوانەوە،

دیار بێ !!!!!!

کۆیە - ١٩٩٢

# (چڕە خەون)

چڕە خەونی خۆشەویستیم

کۆچی کرد و

شوێنی جێهێشت،

لەگەڵ بەفری چیایەکاندا،

توایەوە ،

لە گەڵ چرپەی سەرلێوانی،

دودڵدارردا،

بڕایەوە،

کۆتایی هات !!

هەولێر ٩-٤- ١٩٩٢

## (.......)

کە ڕۆیشتیت

جیهان هەرسی نەهێنا!!

کۆرپەی هیواش،

باوەشی دایکی بەرنەدا!!

کە رۆیشتت

بەهار ڕەنگ و ڕوی نەگۆڕا!!

زستانیش هات،

هەتاو گوڵ،

وازیان لە یەکتر نەهێنا!!

کەڕۆیشتیت

لە نێو گەلە ئەستێرەی ژیاندا،

تەنیا ئەستێرەیەك ڕژا،

کە ڕۆیشتیت،

گەڵای درەختێك هەڵوەری،

سەدان درەختی گەشبینی کەوتنە چرۆ و

لە دورگەی چاوما ڕوا !!

# (لەپاش مەرگم)

ڕۆژێ دادێت لەسەر لاشەم دەکەن شین

بۆم دەڕێژن بە گـــوڕ فرمێسکـــی خوێنین

هـــەتـــا مابوم قەدری منتان نەزانـــی

لـــە پاش مەرگم بێ سودە شین و گرین

# (شەقامەکانی تەنیایی)

لە دوای تۆدا،

تەنیایی و خەم،

لەشەقامەکانی دڵی مندا،

پیاسە دەکەن.

مالیکە حەزینەکانی غەریبی،

لەدارستانەکانی چاوی مندا،

لانە دەکەن.

ئیتر من چاوەڕێی چیبکەم؟

لە خەزان و

سیمفۆنیایی نائومێدی زیاتر!!

لەو زریانە ئبیلیسانەی،

خەرمانی تەمەنی وەریوم ،

بەبەرچاوما،

بەبا دەکەن!!!


كۆڵانەكانـــى منداڵـــى
ڕزگار عومەر فەتاح
١٩٨٩

## (هیوا)

گوڵـــــــــی هیوا ئومێدی من

مەرهەمـــی زامـــی برینی من

بەتەنیا هـــەر تۆم حۆش دەوێ

گـــــەر هەلێکم بۆ هەڵکەوێ

تۆ سەربەست و ئـــاسودەکـــەم

لە ڕێتا خۆم بەخت دەکـــــەم

تەق تەق ، بەهاری ١٩٨٦

## (ئارامگا)

هەناسەکەم،

بۆنازانی،

دڵی  بێلانەو ڕەنجاوم،

لەهیچ شوێنی ئوقرە ناگری،

لە ئامێزی گەرمت نەبێ؟

کەواتە بۆ دەمڕەنجێنی،

چرۆی تەمەن دەژاکێنی،

بۆچی نایەی دەستی گەرمت،

بخەیتە ناو دەستەکانم و

بەهار ئاسا خۆت بنوێنی؟

کۆچڕەوی مەلی خەیاڵم،

بەسەرنجی بەژن و باڵات،

بەسەرسامی بوەستێنی،

نامۆم نامۆم نامۆم نامۆم.

بێ تۆ خەمبار و ڕەنجەڕۆم،

*　　*　　*

ناسکۆڵەکەم،

بۆ نازانی،

پەپولەی ئاواتەکانم،

تامەزرۆی ماچی،

سەرکوڵمی،

سورە گوڵی باخانتە و

بەهیوای جوانیتا دەژی!!

دەتۆش لە کوێستانی دڵتا،

با گوڵێکی تێدا بڕوێ و

دڵت ببیتە لانە بۆم !!

نامۆم نامۆم نامۆم نامۆم

بی تۆ خەمبارو رەنجەرۆم

# (ماڵئاوایی)

ئەوینەکەم،

دڵی پرئاوات و تاسەم،

تینوی عیشقی پیرۆزتەو

بەماچێکی خونچەی دەمت،

تینوی دەشکێ ...!!!

خەمڕەوێنم

ئەی ئاسوگەی شادیەکانم،

وەرە تاکو بە کامێرای چاوەکانم،

وینەی ڕەنگ و سیمات بگرم،

چونکە ئازیز،

لەگەڵ گزەنگی بەیانا،

جێتدەهێڵم ...

ئەبمە ڕێبواری

کاروانی خۆرە تاوی ئازادی و

ڕێگای مان و نەمان دەگرم!!!

ترپەی دڵم

چاوەڕوان بە،گەرهاتمەوە،

گوڵی سەربەستیت بۆدێنم،

لە سوخمە سادەیەکەت دا جێگیریەکەم،

ئەگەر بوشم بە کۆچی قوربانی،

ئەم عە شقە پاك و بێگەردە،

لەهە ندەراندا بێ هاودەم،

دور لە نیگای چاوەکانت،

کێ دەزانێ،

لە پاڵی کام شاخێکاو

لەکەناری کام ڕوبارو

لە سوچێکی چ دۆڵێکدا

بەنامۆیی سەردەنێمەوەو دەمرم ؟؟؟

کەس نازانێش بەمردنم،

تەنیا باڵندەکان نەبێ،

لەسەرگڵگۆی نەناسراوم،

گۆرانی ئازادی  ئەڵێن،

بەسۆزترین ئاهەنگی ماتەمینی

بۆ شەهیدبونم ئەگێڕن!!!

ئەستێرەکانی ئاسمانیش

بەتیشکی زێڕینی خۆیان،

پۆستەرێك تابلۆ ئەکێشن،

ڕەنگدانەوەی بەهارێکە،

داستانی قارەمانێکە،

خاك وخۆڵی نیشتمانیش،

بە خوێنی ئاڵی ڕژاوم

ئاودێر دەکرێ و

گوڵاڵەی سەربەستی دەڕوێ!!

ئەم گوڵانەی خۆزگەخوازبوم،

بەرۆکی یار بخەملێنێ،

سینگ و دوندی،

چیایی دایکی،

ڕازاندەوە...ئەشنایەوە،

بەدیار چوارچێوەی وڵاتا ؟؟

زستانی -١٩٨٩

# (بڕوا)

بەهەوڵ و کۆشش بێ وچان لە خــەباتم

هەنگـــــاو دەنێم بەرەو لوتکـــەی ئاواتم

بەڵام هەرچــــەند ئێستا پێوەند و دیـلم

تـــــــا گیانم مابـــێ بەهیوای نەجاتم

تەق تەق ١٠-٥- ١٩٨٧

# (مەلی خەیاڵ)

دیسان هەڵفڕی مەلـی خەیـــاڵم

بۆلای دولبەری ئەگریجە کـــاڵم

لەدوری باڵای سەرگــــــەردان بوە

لام ئۆقرە ناگرێ گەلێ بێ حــاڵم

کۆیە ٢٦-٥- ١٩٨٨

# (مەستم بەچاوت)

مەستم بە سیحری چاوە کاڵــەکەت
شەیدای کردومە کوڵمە ئاڵـــەکەت

زوڵفــــــی شێواو و زەردی زێرنییت
سەرنــــــج ڕاکێشە بێن بۆ بینینیت

جوان و نەشمیلی وەك گوڵی بەهار
ئەی دەم بەخەندە پەرستگای دڵدار

عەرەقـــی گۆنــــــات وێنەی گوڵاوە
ئەبــــــــرۆی کـەوانت دڵمی پێکاوە

مەستم بەنیـــگای ئەو چـــــــاوانەیە
نەك بە پێکی مـــەی ناو مـــەیخانەیە

تەق تەق ١-٧-١٩٨٥

# (دوری)

بێکــەس و تەنیاو دورم

لـە خەندەی سەرلێوی تۆ

بەڵام هەر چەندە دوربی

هەر تۆی ترپەی دڵــم تۆ

کۆیە/١٩٨٨

## (یادگاری)

یەکـــەم ڕۆژبولە بە هاردا

لــــە ناو چیمەن گوڵزاردا

دانشیتبوم بە دامـــــاوی

بە دڵێکــی خـــــەیاڵاوی

یادم دەکـــــرد یادی یـــارم

یــــادی دڵبەرەکەی پـــارم

هەر بە یـــادی یاری شیرین

کـــــولاوە، دڵــی پڕ برین

ئەسرینی چاو هاتە خــوارێ

ڕایماڵی خەمی چەندساڵێ

گوڵــــــی ژیانم گـــــە شاوە

مەلـــــــی خــەیاڵم گەڕاوە

تەق تەق /هاوین ١٩٨٥/٦/١٦

# (بڕوا و دوری)

(١)

دورم لە خــەندەی سەر لێوی دڵدار
لەشنەی شەماڵــی ناو باغ و گوڵزار
لـــە هاژەو تاڤگەی قەراغــی ڕوبار
لـــە دیمەنی جوان ڕوخساری بەهار

(٢)

دورم لـــــە هەوای زوڵاڵی شمشاڵ
لە قیژەی کـــچی سینەپڕ لە خاڵ
لـــە لەنجەو لاری نەشمیلــی ڕازاو
لە زرینگەی بازنەو خرینگەی خرخاڵ

(٣)

دورم لە قریوەی مەلـــــی کوێستان
لە قاسپەی کەوی سەرچیا و شاخان
لە چـــریکە و جریوەی باڵنــدەی ئازاد

لـــــــــــە باعەی بەرخ و تریوەی پۆڕان

(٤)

دورم لـــــــــــە شادی لە جێگای ژوان

لـــــــــــە بەختەوەری باوەشی ژیان

ئــــــــــاوارەم بەدەست جەفای زەمانە

لە مەینەت دەژیم وێڵ و سەرگــەردان

(٥)

بەڵام هەمیشە بەتینە بـــــــــــــــڕوام

بە کۆشش کردن دەگـــــــەم بە هیوام

بەلانەو بەهـــــــــــــــار شاد دەبمەوە

نابەزێ کـــــــــــــــاروانــی ڕەوا دڵنیام

١_٤_١٩٨٨ کۆیە

## (پەرچەم)

پەرچەمی زەردی زێڕینیت،

بەوێنەی تیشکی هەتاوە

نیگای چاوت لە ساتێ دا،

هەزار تیری لـــــــە دڵداوە

لێوی ئاڵت وەك پەڕەی گوڵ،

ئەوەندە سورە نازانــــــم

ئەم سوریە ئاڵ و گەشە،

سوراوە یان خـوێنی تێزاوە

# (هەستی جوانی)

بەسەرگـــەردت بم بێگەرد بێگـــەردی

مەرهەمـــــی زام و ئەندێشەو دەردی

چەند جوان و دڵگیر، سەرنج ڕاکێشی

کـــــــاتێك بەلەنجە، ئەڕۆی بەوردی

تۆ فێر بوی لەکەوی سەر دوندی چیا

یان ئەو تۆی بینی و چـــــاوی لێکردی

هەر کە دەڕوانمە لـــەنجەو لارەکـــەت

غەمی دڵ دەڕوا لەگـــەڵ بای هەردی

چەند بە قەشەنگی جــوانتر لە ڤینۆس

وا تیشکی شەفەق ئەدەی لەگـــردی

بەهـــــــــاری جوانیم بۆ دەڕەخسێنی

ون دەکـــــەی وەرزی غـەزان و زەردی

مـــــن بە تـــــۆ دەژیم ئیلهامی ژینم

لە ناخـــــــی دڵدا پەروەردەم کـــردی

ئەبـم بە پەرژین بۆت ئەوینەکـــــــەم

تا نەتهێنتە ســــەر شاڵاوی مـــردی ١٩٨٨

# (هیوای دڵ)

منم بەتەنیـــا ئـــاوارەو بێکـــەس

ماتەم و داماو بێ بـــەزم و هەوەس

لـــــەمێژە تاڵی و ترشــــی ئەچێژم

دڵـــم شاد نەبو، تەنیا ساتێ بەس

***

منم دور لە ژوان ئاڵـــــودەی دەردم

کەوتوی ناو شاخ و کۆسار و هەردەم

وەك بەفـــــری چیا دێم بتوێمەوە

بەگـــــڕی دەرون ناسۆری جـــەرگم

***

مـــن وەکـــو پایز ڕەنگـــــم زەردبوە

لەوکــــاتەی بەهـــار کۆچی کـــردوە

بەبێ تۆ ئەی گـــوڵ ئەی ئەوینەکەم

ئەستێرەی ژینم مــــات و کــــزبوە

***

مـــن بژێومە یاد و هیــــــــــوای دڵ

مەستم بە بۆنی  شیعرو خونچە گــوڵ

گـــەر هیچ یادگـــاری و هیوام نەبوایە

گیـــانم ڕزی بو ئێستا لـــــە ژێر گـــڵ

١٠_٩_١٩٨٨

# (گوڵی ئومێد)

ئەو گوڵە جوانەی ئومێدی مـــن بو

خونچەی مەرامی گرت و گــەورەبو

ئەوسا کە گــەورە بو وتم ئـــۆخەی

ئیتر تێر دەخـــــــۆم لە بەرامەکەی

بەڵام ئاخ بۆ گوڵ ئەوەندەی نەبـــرد

بای ڕەشی ڕۆژگار زو لێمـــی ونکرد

نەیهێشت تێر بخۆم من لە بۆنەکـەی

بەشادی بیمژم گـــۆنا ئاڵـەکـەی

ئەوەبو هیوام کـــە ئەویش نەمـــا

ئارام و شادیم لـــــــە دڵدا نەمـــا

مـــــنی سەرگەردان هەروا مامەوە

بێ هاودەم تەنیا و دڵگیر مــــامەوە

گــوڵی ناکامــی ژینم هەڵـــــوەری

تافی شیرینــــــی لاویـــم تێپەڕی

١١_٨_١٩٨٥ هاوین تەق تەق

# (قەیرانی مرۆڤایەتی)

دڵۆپێ،

ئەسرینی مەینەت بوم،

بەسەرجەستەی داڕوشاوی،

باڵەخانەی ئەم ڕۆژگارە،

هەڵڕژام و گیرسامەوە،

لە پڕ زومی ،

کامێرای،چاوە ماندوەکانم،

بە تابلۆ هەڵواسراوەکانی،

شانۆی ماتریالیستەکان،

ئاشنا بو ... تەقیەوە!!

تابلۆی (١)

بازاڕی ڕەش

بەرازێکی بازرگان و

دێرەگورگێکی بورجواز!!

لەولاتریش،

دایکە شەهیدێکی پێ خواس!!

زامێکی گەش!!

تابلۆی(٢)

شاعیرێك،

ڕوخاو سەرخۆش،

لەبارێکی ئەوروپایی دانیشتوە،

بێجگە لە چەند تیاترۆ،

چەند بوتڵێ مەی و پێك مەزە،

لەگەڵ ساقی و مەیزەدە،

هیچیتر جەماوەری نین!!!

تابلۆی(٣)

مەلهایەك

چەندەها دراو و گەڵا

کۆمەڵێك ژن و

پیاوی سوك!!

تابلۆی(٤)

گێلە پیاوێك،

ماشێنێکی تازە مۆدیل،

تەلارێك و جوانترین بوك!!

تابلۆی (٥)

تاوانبارێك،

هەگبەیەکی تەقەمەنی،

چەندین سەفتە پارەی تەزویر،

تابلۆی (٦)

تەرمی منداڵێکی جمۆك،

کۆڕەوێکی تراژیدی!!

تابلۆی(٧)

وڵاتێکی قات وقڕو

حوتێکی چاو و چنۆك و

ئێجگار برسی!!

تابلۆی(٨)

گەلێکی برسی و چەوساوە،

وڵاتێکی بێ سەرو بەر،

هەتیوێکی بنەماڵە،

وەزارەتێکی جاهیل و

حکومەتێکی دزو جەردە!!!

تابلۆی (٩)

خۆدەرخستن،

ئیزدواجی ...قسەی گەورە،

بە کرداریش ناوەڕۆك پوچ،

دیاردەی زۆر سەیر و سەمەرە!!

تابلۆی(١٠)

کارەساتێك،

گۆرستانێکی بەکۆمەڵ،

گازی کیمیاو

ژینگەیەکی خامۆش و چۆڵ!!!

تابلۆی(١١)

ڕێبازێکی سەخت و دژوار،

پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر،

لەمەتەرێزی شەرەفدا،

ڕێبواری عەشق و ئازادی و

ڕاستی بوە بە هاوسەنگەر!!  ١٩٩٢

# (أنا ويأس)

حياتي غرفة،

ابوابها من حجر،

حياتى غرفة،

مظلمة،

محرمة من القمر

حياتى غرفة،

مخيفة...لاشمس فيها وسحر،

حياتى غرفه

مخمورة

كوراء البحر،

مهجوره طول العمر،

غربة والعذاب،

كالفرض والجبر،

حياتى غرفة،

لاسماء لها ،

ولانجوم وسحاب ولامطر،

دائرة تدور سريعا

بقسوة الدهر!!

حياتى غرفة

نائيەتحرقها اليائس،

ناضرة،

على شمعة رقيقه من القهر!!

طقطق ١١_٤_١٩٩٤

# (قەڵەم)

قەڵەمێک
بۆ گوڵ نەنوسێ،
با مەرەکەبەکەی خوێن و
نوکەکەی ئاڵتون بێ!!
قەڵەمێک،
بۆ جوانی نەنوسێ،
با ڕوخساری زێڕاو و
بەرگی ئاوریشم بێ
قەڵەمێک،
بۆ ئاسۆی ژیان نەڕوانێ،
با  پڕ هەناویشی،
ئاوازی بەجۆش و
خرۆشی بولبول بێ!!
لەلای من بێ نرخ و بێ بەهایە،
ئەگەر سەرتاپای باڵای،
گەوهەر  و دوڕ بێ!!

## شاعیر و نوسەر لە چەند دێڕێکدا:



نوسەر و شاعیر و لێکۆڵەر (ڕزگار عومەر فەتاح) لە ساڵی ١٩٧٢ لە گوندە دڵگیرەکەی ئیلنجاغ لە دایك بوە.لە ساڵی ١٩٨٩خویندنی ئامادەیی لە کۆیە تەواو کردوە. لە ساڵی ١٩٩٣ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی لە بەشی کوردی، کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ١٩٩٣ تا ساڵی ٢٠٠٨ لە بواری پەروەردە وەک مامۆستا و بەڕێوەبەر کاری کردوە، بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەڕیوەبەری ناوەندی ئەردەلان بوە،لە شاری کۆیە. لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی ماستەری لە بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، لە زانکۆی کۆیە بەدەستهێناوە و لە ساڵی ٢٠٢٢ ش بڕوانامەی

دکتۆرا لە فەلسەفەی ئەدەب لە بەشی کوردی، فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران وەرگرتوە.ئێستا،٢٠٢٤، پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە لەبەشی کوردی، فاکەڵتی پەروەردە زانکۆی کۆیە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی:**

•بەراوردی نێوان کۆمەڵێك چیرۆك و ئەفسانە"، چ١، کۆیە، ٢٠٠٦.

•ڕۆمانسیزم لە شیعرەکانی هێمن و محەممەد نوری، دەزگای موکریانی،هەولێر، ٢٠١٢.

•پتر لە ٢٠ توێژینە و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو کردۆتەوە و لە کۆڕ و سیمیینار و کۆنفرانسە ئەدەبییەکاندا حزوری گەرمی هەیە..

**کتێبی ئامادە بۆ چاپ:**

•جوانیناسیی ئافرەت لە شیعرەکانی قوبادی جەلیزادەدا"، نامەی دکتۆرا.

•ئەزمونی شاعیران، لە حاجی قادری کۆییەوە بۆ قوبادی جەلیزادە، لە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەی ئەدبیدا، کتێب:

• لە کوێوە بۆ کوێ، ڕۆمان.

•ئیستاتیکا لە شیعرەکانی کەمال کەریمدا"، کتێب،

• بایەخی ئەدەبی منداڵان"، کتێب.

• پەخشانی ئەدەبی، مێژو و جۆرەکانی"، کتێب

•تێکستی ئەدەبی ڕەگەز و مەبەستەکانی، کتێب.

•ڕێبازە ئەدەبییەکان لەکلاسیزمەوە بۆ پوچگەرایی، کتێب.

•قۆناغەکانی ئەدەبیی نوێ و هاوچەرخی کوردی"، کتێب.

## خەڵات و ڕیزلێنان:

•خەڵاتی ڕیزلێنان، کۆڕی شیعری شاعیرانی نوێخواز، هۆڵی نەقابەی کرێکاران،هەولێر، ١٩٩٠.

•خەڵاتی ڕێزلێنان، کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی حاجی قادری کۆیی، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٦.

•خەڵاتی ڕێزلینان، کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی عەزیز گەردی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٢٤.

# احساس منكسر

## شعر

د.ڕزگار عمر فتاح

# Broken Sense

## Poetry

Dr. Rzgar Umer Fattah

٢٠٢٤